# شانۆیی دەرگا بە هۆڵەندی و کوردی




کۆمەڵەی هونەریی ئارک، کە لەلایەن کۆمەڵێک هونەرمەندی کورد و هۆڵەندییەوە لە وڵاتی هۆڵەندا دامەزراوە، لە هەوڵێکی نوێیاندا لە بواری شانۆدا، بڕیارە شانۆیی (دەرگا) لە شاری(دەنهاخ) لاهای لە وڵاتی هۆڵەندا نمایشبکەن. ئەم شانۆییە لە نووسینی (یوسف ئەلصائغ و وەرگێڕانی: جەمال غەمبار و دەرهێنانی: کامەران ڕەئووف)ە و بە جەستەی هەریەک لە ( شەماڵی عەبەڕەش، شادان فوئاد، سیروان جەمال، سۆران ئیسماعیل، شایی شەماڵ) ئەم نمایشە پێشکەشدەکرێت. کامەران رەئووف لە مانفێست و دەلیلی ئەم شانۆییەدا و لە پەیامێکی تایبەتدا دەڵێت: لە وڵات و زەمەنێکی نادیاردا، پیاوێک دژی ئەو یاسایە دەوەستێتەوە، کە زۆر لە زیندووەکان دەکات لەگەڵ مردووەکاندا بە زیندوویی بنێژرێن، ئەوە پەیمانی خۆشەویستیی ئەو وڵاتەیە ناکرێت سەرپێچیی تێدابکرێت!. ئایا چ هێزو توانایەک دەتوانێت دژی ئەو یاسایە بوەستێت؟.

ئەم شانۆییە بە هەردوو زمانی هۆڵەندی و کوردی پێشکەش دەکرێت، ئەم هەوڵەش لەو پێناوەدایە کە چیتر شانۆکاری کورد تەنها گوتاری هونەرییان بۆ بینەری کورد نەبێت و تۆزێکیش سنوور ببەزێنن و گوتاری هونەری ئاڕاستەی دەرەوەی خۆیان بکەن.

کاتی نمایشکردنی شانۆییەکە لە رۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2007/20/6 بۆ ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی 2007/6/24 بە زمانی کوردی و رۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2007/6/27 بۆ بۆڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 2007/7/4 بە زمانی هۆڵەندی دەبێت.

لە هۆڵی:

Drang Studio

Schalpkade 45,  Den Haag

نرخی بلیت:   Ooievaartpas € 5,00, **CJP/CKV** € 7,00, € 10,00